# بۆتان سەعد: کێشەی ئێمە نەبوونی هۆڵی تایبەتە

■ شاری هەولێر یەکێکە لەو شارانەی کە چەندین یاریزانی بەتوانای لە یاری بلیارد لەسەر ئاستی عێراق پێگەیاندووە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر و لەسەر ئاستی شاری هەولێریش چەندین ئەنجامی بەرچاوی بەدەستهێناوە، بۆتان سەعد لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٢ی شاری هەولێرە،خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی عێراق ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.■



***چۆن خۆت لە نێو دنیای یاری بلیارددا دۆزییەوە؟**

-من وەکو خولیایەك زۆر تامەزرۆی ئەم یارییە بووم ماوەیەکی زۆرە خەریکیم و توانیم خۆمی تێدا بدۆزمەوە

*** ئاستی یاریی بلیارد لە کوردستان چۆن دەبینیت ؟**

- پێشتر ئاستی ئەم یارییە وەکو پێویست نەبوو بەهۆی کەمیی کردنەوەی پاڵەوانێتی، بەڵام لە ئێستادا ئاستی یاریی بلیارد گرنگی باشی لەسەر ئاستی شارەکانی کوردستان پێدراوە، ئەمساڵیش هەنگاو دەنێ و بەرەوپێشەوە دەچێت، یاریزانی زۆر بەتوانا روو لەم یارییە دەکەن، ئاستی یاریزانانیش لەبەرەووپێشچوونە.

*** لەشاری هەولێر لە چ ئاستێکدایە ؟**

-شاری هەولێر لەم یارییەدا مێژووی تایبەتی خۆی هەیە، یاریزانی زۆر بەتوانای تێدا هەڵکەوتووە، رۆژ بەرۆژیش لە شارەکەی خۆمان یاریزانی زیاتر دەردەکەوێت. کە پاشەرۆژێکی باشیان لێ چاوەڕوان دەکرێت.

***کێشە وگرفتی یاریی بلیارد زیاتر لە چیدایە؟**

-کێشەی زۆربەی یاریزانانی شارەکان نەبوونی هۆڵێکی تایبەتە بە یاریی بلیارد.

*** یانەکانی هەولێر لەم یارییەدا ئاستیان وەکو پێویستە ؟**

-بێ گومان ژمارەیەك یانە لە هەولێر هەیە بەردەوام لەکێبڕکێدان لەگەڵ سەرجەم یانەکانی دیکە، بەتایبەتی یانەی پێشمەرگەی هەولێر کە ئاست و ئەنجامی زۆر باشە لەسەر ئاستی کوردستان وعێراق .

*** وەکو یاریزانێك پێت باشە چی بکرێت باشە بۆبەرەو پێشچوونی ئەم یارییە لە کوردستان ؟**

-ئەگەر ئێمە بمانەوێ گرنگی بەم یارییە بدەین و ئەم یارییە زیاتر پێشبکەوێت، پێویستە ڕاهێنەرێکی بەتوانا بۆیاریزانان دابین بکەین،بۆئەوەی ئاست و توانیان زیاتر بەرەوپێش بچێت، لە یارییەکە بەردەوام بن.

*** یانەی پێشمەرگەی هەولێر هاوکاریی ئەم یارییە دەکەن ؟**

-بێ گومان سەرۆکی یانە و دەستەی کارگێری پشتیوانی ئەم یارییەن،هۆی پێشکەوتنی ئاستی ئێمەش هەر بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە کەبەردەوام هاوکاریمان دەکەن.

*** حەزدەکەیت یانەکانی کوردستان ویەکێتیی بلیارد ڕاهێنەری بیانی بهێنێتە کوردستان بۆپێشکەوتنی یارییەکە؟**

-ئەوە هیوای گشت یاریزانێکە چونکە ئێمەی یاریزان چەند ڕاهێنەری بەتوانا مەشقمان پێبکات، زیاتر ئاستمان بەرز دەبێتەوە .

*** بۆچی یاریی بلیارد دەکەی ؟**

- هەر لە منداڵییەوە ئەوە حەزو ئارەزووی من بوو، خۆشبەختانە لە ئەنجامدانی ئەم یارییە سەرکەوتووبووم.

***بۆچی کە داواکرای نەچوویتە ریزی هەڵبژاردەی عێراق؟**

-بەهۆی بارودۆخی ئەمنی نەمتوانی لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقدا یاری بکەم .

*** هیوا و ئاواتت چییە لە یاریی بلیارد؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنم و ببمە یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی کوردستان.

*** لەماڵەوە هاوکاریت دەکەن، بۆئەنجامدانی ئەم یارییە ؟**

-بەڵێ زۆریش هاوکارمن،منیش زیاتر گرنگی بەخۆم دەدەم بۆ بەرزکردنەوەی ئاستم لەم یارییەدا.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت ماوە بیڵێیت؟**

-زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم، بەهیوای ئەوەم بەردەوامبن لە خزمەتکردنی چینی وەرزشکاران لەگشت یارییەکاندا.

## دهۆک میوانداریی پاڵەوانێتیی باسکەی عەرەب دەکات



دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی باسکەی عەرەب ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی باسکەی وڵاتانی عەرەب لە شاری دهۆك، کەبڕیارە یارییەکانی لە مانگی ئەیلولی داهاتوو ئەنجام بدرێت، لەم بارەشەوە خالید نەجم سەرۆکی یەکێتیی تۆپی باسکەی عێراقی ئەوەی ئاشکرا کرد کەوا یەکێتیی باسکەی عەرەبی بەفەرمی ڕەزامەندی نیشاندا بە میوانداری کردنی شاری دهۆك بۆ بەڕێوەچوونی پاڵەوانێتیی باسکەی وڵاتانی عەرەب کەبڕیارە ١٢هەڵبژاردەی وڵاتانی عەرەبی بەشداری تێدا بکەن، گوتیشی: یەکێتیی تۆپی باسکەی وڵاتانی عەرەبی لێژنەیەکی تایبەتی پێکهێناوە بۆپشکنینی یاریگاو دامەزراوە وەرزشییەکانی شاری دهۆك بۆئەوەی دڵنیابن لە سەرکەوتنی شاری دهۆك لەم پاڵەوانێتیە گەورەیە، ئاماژەشی بەوە کرد کە وا یەکێتیی تۆپی باسکەی عەرەبی خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕیوە کە پاڵەوانێتییەکە لە شاری دهۆك لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

## بروسک دەچێتە تورکیا

دوای ئەوەی وەرزی رابردوو یانەی بروسك لە خولی نایابی یانەکانی کوردستاندا توانی پلەی سێیەمی کوردستان دەستەبەر بکات، بۆئەم وەرزەش لە ئێستاوە دەیەوێت بە شێوەیەکی باشتر خۆی ئامادەبکات، بۆئەوەی ئەنجامێکی باشتر لە پار بەدەست بهێنێت، لە ئێستاشدا یانەی بروسك ژمارەیەك یاریزانی لە یانەکانی دیکەی کوردستان هێناوەتە ریزی یانەکەی، بۆئەوەی بتوانێت بەربەستی یانەکانی دی ببڕێت، لەم بارەشەوە بژار ئەکرەم ڕاهێنەری یانەی بروسك بۆ فایلی وەرزشی گوڵان رایگەیاند وگوتی « ئێمە بۆ وەرزی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە ئێستاوە دەستمان بە ئامادەکارییەکان کردوە بۆئەوەی بتوانین ئەنجامێکی باشتر لە پار بەدەست بهێنین،گوتیشی بۆئامادەکاری باشتریش لەلایەن سەرۆکی یانەوە تاریق عەبدولرەحمان بەڵێنی ئەوەمان پێدراوە بچینە وڵاتی تورکیا بۆباشتر خۆئامادەکردنمان بۆیارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لەوەرزی نوێدا، ئاماژەشی بەوەکرد کە ژمارەیەك لە یاریزانانی تازەمان هێناوەتە ریزی یانەکانمان کە هەریەك لە یاریزانان (دڵدار ئیبراهیم و توانا زوبێر لە یانەی هەولێر وهەڵۆ عەزیز وکارزان عومەر لە یانەی برایەتی ) هێناومانە ریزی یانەی بروسك و دوو یاریزانی لاویشمان هێناوەتە تیپی یەکەم وهەریەك لە یاریزانانی یانەکەشمان بەیار بەکر وئارام فەتاح ریزی یانەکەیان جێهێشتووە، حەمە خانی کاپتنی یانەکەشمان بەردەوام دەبێت لەگەڵماندا بەهیوای ئەوە ین بتوانین ئەم وەرزە ئەنجامەمان لە وەرزی رابردوو باشتر بێت و هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لە ریزی یانەکەی .



## یانەی زاخۆ دوو یاریزانی سەنیگالی تاقی دەکاتەوە

بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی لە خولی بژاردەی عێراقی یانەی زاخۆ دوو یاریزانی سەنیگالی تاقیدەکاتەوە.

دوای ئەوەی یانەی زاخۆ لەم وەرزە لەبەدەستهێنانی نازناوی خولی بژاردەی عێراقی بێ هیوا بووە، بۆیە بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامێکی شایستە لە خولی بژاردە بۆ وەرزی نوێی خولەکە دوو یاریزانی سەنیگالی هێناوەتە ریزی یانەکەی بەمەبەستی تاقیکردنەوەیان، لەم بارەشەوە عەبدولجەبار سەیفەدین جێگری سەرۆکی یانەی زاخۆ بۆ فایلی وەرزشی گوڵان ئەوەی ئاشکرا کرد وتی «هەردوو یاریزان بابا جان وبۆجان یاریزانی سەنیگالین لە وڵاتی سەنیگالەوە هاتوون لە هێڵی هێرشبەر و بەرگری یاری دەکەن، ئێمە تاقیان دەکەینەوە ئەگەر ئاستیان بەدڵی دەستەی کارگێڕی وڕاهێنەربن ئەوکات گرێبەستیان لەگەڵدا مۆردەکەین، جارێ لە ژێر تاقیکردنەوەدان هیچ بڕیارێك لەسەر ئەم یاریزانانە نەدراوە کە یاریزانی لاویشن.





## ڕۆبن : دڵنیام کە لە یانەی بایرەندا پارێزگاریی لە شوێنی خۆم دەکەم

ئاریان ڕۆبن یاریزانی یانەی بایرەن میونیخی ئەڵمانی دووپاتیکردەوە کە دڵنیایە لـــە پارێزگاریکردن لە شـــوێنی خۆی لە پێکهاتەی ســـەرەکی یانە گەورەکەی هەرێمی باڤاریا و هیچ یاریزانێك ناتوانێت ئەو شوێنەی لێ وەربگرێتەوە سەرەڕای بوونی ململانێیەکی بەهێز لەگەڵ یاریزانان تۆماس مۆلەر و شـــیردان شاکیری، ڕۆبن لـــە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری کیکەر گوتی : من ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە کورســـییەکانی یاریزانانی یەدەگ دابنیشـــم، بێگومان نەخێر، ئەو کارە هەرگیز ڕوونادات .

هەروەها ئەستێرەی هۆڵەندی گوتی : من بە هیچ شێوەیەك بیرم لەم سیناریۆیە نەکردۆتەوە، من دەزانم ئەرکەکانی سەر شانم چین بۆیە من هیچ مەترسییەکم لە سەر شوێنەکەی خۆم نییە، سەرەڕای ئەوەش لە تۆپی پێ هیچ شتێکی مسۆگەر نییە، بۆیە پێویســـتە هەموومان شەڕ لەسەر مسۆگەرکردنی شوێنەکانی خۆمان لە پێکهاتەی ســـەرەکی بکەین. شـــایانی باســـە یاریزان ئاریان ڕۆبن دووچاری ڕەخنەیەکـــی توندی هاندەرانی یانەی بایرەن میونیخ بۆوە لە دوای لەدەســـتدانی لێدانە سزاکەکەی یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە مانگی ئایاری ڕابردوو لە بەرامبەر یانەی چێلسی کە بووە هۆی لەدەستدانی نازناوەکە.

## زیدان مۆڵەتی ڕاهێنەرایەتی وەردەگرێت

یانەی ڕیال مەدریدی ئیســـپانی لـــە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند ئەفســـانەی تۆپی پێی فەرەنســـی زینەدین زیدان بەم نزیکانـــە کار بۆ ئەوە دەکات مۆڵەتی ڕاهێنەرایەتـــی وەربگرێت بۆ ئـــەوەی وەك ڕاهێنەرێك لە ئەکادیمیای تازەپێگەیشتوانی یانەی شـــاهانە کار بکات، زیدانی تەمەن ٤٠ ساڵ کە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٦دا لە یانەی ڕیال یاری کردووە، ساڵێك زیاترە وەك بەڕێوەبەری تۆپی پێ لە یانەی ڕیال کاردەکات. لە بەیاننامەکـــەی یانەی ڕیال مەدریددا هاتووە :لە ماوەی داهاتوودا زیدان پێداویستییەکانی بوونی بە ڕاهێنەر تەواو دەکات، ئـــەوەش وادەکات کە خەونەکەی بهێنێتە دی لە بوونی بە ڕاهێنەر لە ئەکادیمیەی تازەپێگەیشتوونی ڕیال مەدریددا کە لە ســـاڵی ٢٠٠٦ کاتێك وازهێنانی خۆی ڕاگەیاند، ئەو خەونەی ئاشکرا کردبوو. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیســـپانیا ستایشـــی ڕۆڵی زیدانیان کرد لە یارمەتیدانی ڕاهێنەر جـــۆزی مۆرینهۆ لە دەرهێنانی باشـــترین ئاستی یاریزان کەریم بنزیمە و ڕۆڵی هەبوو لە هێنانی یاریزان ڕافائیـــل ڤاران، زیـــدان پاڵێوراو بوو بۆ لە ئەســـتۆگرتنی ئەرکـــی ڕاهێنانی هەڵبژاردەی فەرەنســـا کە دواتر دیدی دیشان ئەم ئەرکەی وەرگرت .



## چامپیۆنز لیگ ئامانـــــ

یانەی ڕیال مەدریدی ئیســـپانی هەوڵ دەدات بۆ جاری دەیەم لە مێژوودا نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەدەست بهێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە تواناکانی ڕاهێنەر جۆزی مۆرینهۆ دەبەستێت کە ماوەی دوو وەرزە لەگـــەڵ یانەی ریـــال کار دەکات و لە وەرزی ڕابـــردوو نازناوی لالیگای بەدەســـت هێنا، تۆڕی کەنال سپۆرت لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند جامی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ئامانجـــی یەکەمی ڕاهێنەر مۆرینهۆیە لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید لـــە وەرزی داهاتوو دوای ئەوەی ئەو نازناوەی لەگەڵ یانەکانی پۆرتۆی پورتوگالی لەساڵی ٢٠٠٤ و یانەی ئینتەرمیلانی ئیتالی لە ساڵی ٢٠١٠ بەدەست هێناوە .

هەروەها کەنال ســـپۆرت ئەوەشـــی ڕاگەیاند خەونی گـــەورەی مۆرینهۆ لە بەدەســـتهێنانی چوار نازناوەکەی وەرزی داهاتـــووە کە بریتین لە خولی ئیســـپانیا و جامی ئیســـپانیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و جامی سوپەری ئیسپانیا.

## ڕایان گیگز ناوی لە مێژووی ئۆلۆمپیاد تۆمارکرد

یاریزانی بەناوبانگی وێلزی ڕایان گیگز یاریزانی هەڵبژاردەی بەریتانیا لە یارییەکانی تۆپـــی پێی ئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ ناوی خۆی لە مێژووی ئۆلۆمپیاد تۆمارکرد، کاتێك بووە بەتەمەنترین یاریزان کە گۆڵ لە ئۆلۆمپیاد تۆماردەکات، گیگز خاوەن گۆڵی یەکەمی بەریتانیا بوو لە بەرامبەر ئیمارات کـــە بە ئەنجامی (٣*١)گۆڵ بۆ بەریتانییـــەکان کۆتایی هات، گیگز لەم یارییـــەدا تەمەنی ٣٨ ســـاڵ و ٢٤٣ ڕۆژ بوو و توانی گۆڵ تۆمار بکات و ژمارەیەکی پێوانەیی شکاند کە تەمەنی ٨٨ ساڵە .

گیگز بووە بـــە تەمەنترین یاریزان کە گۆڵ لـــە ئۆلۆمپیاد تۆماردەکات، ژمارەی پێشـــوو بە ناوی یاریزانی میسری حوســـێن حجازی بوو کە توانی گـــۆڵ لە هەڵبـــژاردەی هەنگاریا تۆمار بکات لـــە ئۆلۆمپیادی ١٩٢٤ لە تەمەنی ٣٧ ساڵ و ٢٢٥ ڕۆژدا .

لـــە لایەکی دیکەوە گیگز بووە بەتەمەنترین یاریزانی هێلی ناوەڕاســـت کە بەشـــداری لە یارییەکی تۆپی پێی ئۆلۆمپیـــاد دەکات لەو کاتەی گۆڵچی هەڵبـــژاردەی گواتیمـــالا ریـــکاردۆ بیچینینی بە تەمەنتریـــن یاریزانە بەشـــداری لە ئۆلۆمپیـــاد کردووە لەتەمەنی ٣٩ساڵیدا.



## جی یەکەمی مۆرینهۆیە



## لیۆنیل میسی: چاوەڕوانی سانشیز بن

ئەستێرەی ئەرژەنتینی لیۆنێل میسی داوای لە هاندەرانی یانەی بەرشلۆنە کرد کە لە یارییەکانی وەرزی داهاتوو چاوەڕێی ئاست بەرزی یاریزانی چیلی ئەلێکسیس سانشیز بن، میسی لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی سپۆرت ی ئیسپانی گوتی : لە وەرزی رابردوو بۆ ماوەیەك لەگەڵ سانشیز یارییم کرد، ئەو یاریزانێکی لێهاتووە و خێرایە بەڵام بەختی نەبوو بەهۆی پێکانەوە بۆ ماوەیەك لە یارییەکان دوورکەوتەوە، لە وەرزی تازە سانشیز دەبێتە یاریزانێکی گرنگ و کاریگەر لە یارییەکانی یانەی بەرشلۆنە. هەروەها لیۆنیل میسی دەربارەی مەشقەکانی بەرشلۆنە گوتی : تا ئێستا هەستم نەکردووە کە راهێنەر پیپ گواردیۆلا یانەی بەرشلۆنەی بەجێهێشتووە، شێوازی مەشقەکان لەگەڵ ڤیلانۆڤا هەمان شێوازی مەشقەکانی گواردیۆلایە، شێوازی یاریکردنمان نەگۆڕاوە، ئێمە سێ ئەرکمان لە پێشە خول و جامی ئیسپانیا و چامپیۆنز لیگ، پێویستە هەرسێکیان بەدەست بهێنین بۆ ئەوەی دڵی هاندەرانمان شاد بکەین.



## ناوبژیوانانی یاری کلاسیکۆی سوپەر دەست نیشانکران

یەکێتیی تۆپی پێی ئیسپانیا ناوی ئەو دوو ناوبژیوانەی ئاشکرا کرد کە هەردوو یاریی چوون و گەڕانەوەی کلاسیکۆی سوپەری ئیسپانی لە نێوان هەردوو یانەی ریال مەدرید پاڵەوانی خولی لالیگا و یانەی بەرشلۆنە پاڵەوانی جامی شای ئیسپانیا بەڕێوەدەبەن، یاریی چوون لە یاریگای کامپ نوی شاری بەرشلۆنە لە رۆژی پێنج شەممە ٢٠١٢/٨/٢٣ ئەنجام دەدرێت و ناوبژیوان کلۆس گۆمیز یارییەکە بەڕێوەدەبات، یاریی گەڕانەوەش لە رۆژی چوارشەممە ٢٠١٢/٨/٢٩ لە یاریگای سانتیاگۆ بەرنابیۆی شاری مەدرید ئەنجام دەدرێت و ناوبژیوان ماتیۆ لاهۆز یارییەکە بەڕێوەدەبات.

هەردوو یاری کلاسیکۆی سوپەر یەکەم رووبەڕووبوونەوەی نێوان دوو یانە زەبەلاحەکەی ئیسپانیایە لە وەرزی ٢٠١٢-٢٠١٣ کەوا چاوەڕوان دەکرێت ململانێ لە نێوانیان بەردەوام بێت لەسەر بەدەست هێنانی نازناوەکانی ئەم وەرزە، لە وەرزی رابردوو هەردوو یانە لە جامی سوپەر بەیەك گەیشتن و بەرشلۆنە بە ئەنجامی هەردوو یاری (٥*٤) گۆڵ سەرکەوتنی تۆمارکرد و بووە پاڵەوان.




ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# بە وێنە. جوانترین جل وبەرگی وەرزشیی وڵاتان لە ئۆڵۆمپیادی لەندەن

دوای ئـەوەی هەفتەی رابـردوو لە شـاری لەندەن بەفەرمـی یارییەکانی ئۆڵۆمپیاد-ی لەندەن دەسـتی پێکرد و لـە ئاهەنگی کردنەوەی ئەم پاڵەوانێتییەدا گشـت وڵاتانی جیهان بەشـدارییان تێـدا کرد و هەریەکەیان بـە جل و بەرگی تایبەتیی خۆیان، کە گوزارشـت لە دابونەریتی وڵاتەکانیان دەکات پشـکداربوون، بەڵام چاودێران دوای تەواوبوونی یارییەکانی ئۆڵۆمپیاد تەنیا ٨ وڵاتیان لە نێو ئەو وڵاتانە هەڵبژارد، کە جوانترین جل و بەرگیان پۆشیبوو، کە بەم شێوەیە بوو:.
(پارگـوای، ئەڵمانیـا، کەنەدا، کـوک ئیلاند، فیجی، پۆڵەنـدا، هۆڵەندا، سوید).


پارگوای


ئەڵمانیا


کەنەدا


کۆك ئیلاند


فیجی


پۆڵەندا


هۆڵەندا


سوید

## دەوڵەمەندترین وەرزشوانانی بەشداربوو لە ئۆڵۆمپیاد لەندەن-ی ٢٠١٢

هەر لەگەڵ دەستپێکردنی یارییەکانی ئۆڵۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢، چاودێرانی وەرزشـی چەند ئامارێکیان سـەبارەت بـە یاریزانانی بەشداربوو بڵاوکردەوە، کە تێیدا بەفەرمی ١٠ دەوڵەمەندترین یاریزانی بەشداربووی ئۆڵۆمپیادی لەندەن-یان ئاشکرا کرد، بەم شێوەیە:

١-یاریزانی تۆپی باسکەی هەڵبژاردەی ئەمەریکا لیبرۆن جیمس، ساڵانە (٥٣) ملیۆن دۆلاری دەست دەکەوێت.

٢-یاریزانی تێنسی سـەر زەوی سویسری رۆجیە فیدرێر، ساڵانە (٥٢,٧) ملیۆن دۆلاری دەست دەکەوێت.

٣-یاریزانی تۆپی باسکەی هەڵبژاردەی ئەمەریکا کۆبی براینت، ساڵانە (٥٢,٣) ملیۆن دۆلاری دەست دەکەوێت.

٤-کچە یاریزانی تێنسی سەر زەوی رووسی ماریا شاراپۆڤا، ساڵانە (٢٧,٩) ملیۆن دۆلاری دەست دەکەوێت.

٥-یاریزانی تۆپی باسـکەی هەڵبژاردەی ئەمەریـکا کیڤـن دۆرانت، ساڵانە (٢٥,٥) ملیۆن دۆلاری دەست دەکەوێت.

٦-یاریزانـی تۆپی باسـکەی هەڵبژاردەی ئەمەریـکا کارمێلۆ ئەنتۆنی، ساڵانە (٢٢,٩) ملیۆن دۆلاری دەست دەکەوێت.

٧-یاریزانی تێنسـی سەر زەوی سربی نۆڤاك جۆکۆڤیتچ، ساڵانە (٢٠,٦) ملیۆن دۆلاری دەست دەکەوێت.

٨-یاریزانـی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی جامایکا یوسـین بۆڵت، ساڵانە (٢٠,٣) ملیۆن دۆلاری دەست دەکەوێت.

٩-کچە یاریزانی تێنسی سەر زەوی چینی لی نا، ساڵانە (١٨,٤) ملیۆن دۆلاری دەست دەکەوێت.


١٠-یاریزانی تۆپی باسکەی هەڵبژاردەی ئەمەریکا دیرۆن ویلیامز، ساڵانە (١٨,٢) ملیۆن دۆلاری دەست دەکەوێت.

**رێبین رەمزی**














# بەناوبانگترین ژن و مێردی بەشداربووی ئۆڵۆمپیادی لەندەن-ی ٢٠١٢

لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکانی ئۆڵۆمپیادی لەندەنی ٢٠١٢ چەندین دیاردەی جۆراوجۆر تێبینـــی دەکرا، یەکێك لەو دیاردانە بوونی یاریزانانی ژن و مێرد لە ریزی وڵاتە بەشـــداربووەکاندا هەروەها هەندێك لەو یاریزانە ژن و مێردانە هەریەك بۆ وڵاتێك یاری دەکەن، چاودێرانی وەرزشی لیستی بەناوبانگترین چوار ژن و مێردی بەشداربووی ئۆڵۆمپیادی لەندەن-ی ٢٠١٢ بە وێنەوە ئاشکرا کرد.

١-هەردوو یاریزانی ژن و مێردی ئوسترالی (رۆســێل، لۆرین مارك)، کە بەشداری لە یاریی نیشانشـــکێندا دەکەن، بەڵام لێژنـــەی میواندارێکردنی ئۆڵۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ بڕیاریان دا ئەم ژن و مێردە نابێت لە ژوورێکدا بەیەکەوە بن، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی نارەزایی لە لایەن ئەم ژن و مێردە.

٢- لە یاری ئەسپســـوارییدا، ژن و مێردێك دژی یەکدی رکابەرییان دەکرد، کاتێك یاریزانی ئەسپسواری ئەندرۆ لە هەڵبژاردەی ئەسپسواری ئوسترالی یاری دەکرد و کچە یاریزان بیتینا لە هەڵبژاردەی ئەسپســـواری ئەڵمانیا یاری دەکرد، ئەم دوو یاریزانە لە کاتی بەڕێوەچوونی ئۆڵۆمپیاد-ی ئەسیینا ٢٠٠٤ چوونە ژیانی هاوسەرگیرییەوە.

٣- هەردوو یاریزانی تۆپی پێی ئەمەریکی (هیسەر میتز و فیلی)، دوای ئەوەی ژیانی هاوســـەرگیرییان پێکهینا، کچە یاریزان فیلی لە ریزی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئەمەریکا یاری دەکات.

٤- کچە یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی ئەمەریکا ســـانیا ریتشـــاردز و یاریزانی تۆپی پێی ئەمەریکی ئەرۆن رۆس یەکێك لە بەناوبانگترین هاوســـەرن لە بواری وەرزش لەسەر ئاستی جیهاندا، چونکە یاریزان سانیا ریتشاردز خاوەنی چەندین دەســـتکەوتی جیهانییە و یاریزان ئەرۆن رۆسیش یەکێکە لە بەناوبانگترین یاریزانانی تۆپی پێی ئەمەریکا.

# بچووکترین یاریزانانی بەشداربووی ئۆڵۆمپیادی لەندەن-ی ٢٠١٢

ئۆڵۆمپیاد یەکێکە لە پاڵەوانێتییە گەورەکانی بواری وەرزشـــی، هەموو یاریزانانی وڵاتانی جیهان بەشێوەیەکی چڕ و پڕ خۆیان بۆ یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتییە ئامادە دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن دەســـتکەوتێك بۆ خۆیان و وڵاتەکانیان بەدەســـت بهێنن و لـــە هەمان کاتدا لەم ئۆڵۆمپیادە چەندین ژمـــارەی پێوانەیی تۆمار دەکرێت، بەڵام لە ئۆڵۆمپیادی لەندەن چاودێرانی وەرزشـــی لیســـتی بچووکترین وەرزشوانانی ئەم پاڵەوانێتییەیان ئاشکرا کرد، ئێمەش بە پێویستمان زانی لە بەشی یەکەم ناوی ئەو ١٠ یاریزانە ئاشکرا بکەین، کە بە بچووکترین یاریزانی بەشداربووی ئۆڵۆمپیادی لەندەن هەژمار دەکرێن و لە ژمارەی داهاتووشدا بەشی دووەمی ناوەکان بڵاودەکەینەوە.

١-کچە مەلەوانی ئەمەریکی کاسرین لیدیکی تەمەنی (١٥) ساڵە.

٢-کچە یاریزانی جمناســـتیك-ی ئەمەریکی گابرییـــل دۆگلاس تەمەنی (١٦) ساڵە.

٣-هەردوو کچە یاریزانی تێنســـی ســـەرمێزی ئەمەریکی (ئەریکا)، (تشـــانگ زهانگ) تەمەنیان (١٦) ساڵە.

٤-کچە مەلەوانی ئەمەریکی میسی فرانکلین تەمەنی (١٧) ساڵە.

٥-کچە یاریزانی جمناستیك-ی ئەمەرکی جۆردن وێبر تەمەنی (١٧) ساڵە.

٦- یاریزانی مەلەوانی بەریتانی جاك لاڤێر تەمەنی (١٧) ساڵە.

٧-کچە یاریزانی تیرکەوانی مەکسیکی ئەلیخاندرا ڤالنسیا تەمەنی (١٧) ساڵە.

٨-یاریزانی مەلەوانی مەکسیکی ئیڤان گارسیا تەمەنی (١٨) ساڵە.

٩-کچە یاریزانی ئەسپسواری ئەمەریکی رید کیسلر تەمەنی (١٨) ساڵە.

١٠- کچە یاریزانی جمناستیك-ی چینی هی کیکسن تەمەنی (٢٠) ساڵە.

